# خەباتی خەڵکی کوردستان بۆ هەڵپێچانی دەسەلاتی ئیسلام لەئیراندا، خزمەت بەخەلکی ناوچەکە دەکات!



نوری بەشیر
n.bashir3@tiscali.co.uk

**هاوکاتی نارەزایەتیە سەرتاسەریەکانی کریکارانی ئیران، خەلکی کوردستان ماوەیەکە بەفراوانی دەستیان داوەتە نارەزایەتی بەدژی دەسەلاتی جمهوری ئیسلامی ئیران، ئەم بزوتنەوە نارەایەتیەش زۆربەی شارو شارۆچکەکانی کوردستان ئیرانی گرتۆتەوەو هاوکاتیش بزوتنەوەیەکی هاوپشتی جەماوەری لەکوردستانی عیراق و دەرەوەدا بەفراوانی دەستی پێکردوە. ئەم نارەزایەتیانەی خەلکی کوردستان لەئیراندا بەرئەنجامی تەجروبەی خەلکیە لەگەل دەسەلاتداریتی نزیك بەسێ دەیە لەگەل حوکمی ئیسلام لەئیراندا، دەسەلاتداریەتیەك کەهەموو وەلامیکی بۆ خەلکی سەرتاسەری ئیران بەئاگرو ئاسن بوە، دەسەلاتداریتیەك کە وەلامی بۆ ژنان بەوەحشیانەترین شیوە لەکۆمەلگای هاوچەرخی ئیمرۆدا بوەو بەهیچ شیوەیەك مافەکانی ژنان بەرەسمیەت ناناسێ و لەبەرامبەر خواستەکانی لاواندا دەسەلاتداریتی ئیسلام و حوکمی قورئان بەرز رادەگری و لەبەرامبەر ماف و داواکاریەکانیان زیندان و کوشتن و ئیعدام دەکاتە نسیبیان، لەبەرامبەر خواست و داواکاری خەلکی کوردستاندا ئیسلام دەکاتە ئەلتەرناتیو بۆ خەلکی کەهەموو ئۆمەتی خواو ئیمام خۆمەینین و شکەنجەو ئیعدام چارەنوسیانە، رژیمیك کە لەتەمەنی نەگریسی خۆیدا وەك رژیمیکی ئیسلامی ئەم سەردەمە شوین دەستی ئیسلامی لەزیندان و ئیعدامی ملیۆن لەخەلکی ئیراندا نەخشاندوە، وە هیچ هیزو لایەنیك ناتوانیت رژیمی هاری جمهوری ئیسلامی لەئیسلام بێبەری بکات، کوشتنی شوانە لەژیر ئەشکەنجەدا بەبەرچاوی کۆمەلگای ئەمرۆی جیهانیەوە لەم ماوانەی پیشودا ریسوایی حوکمی شەریعەتی ئیسلام دەردەخات، هەروەها تەعدا کردنی جنسی لەکچانی تەمەنەن خوار 16 سالیەوە لەزیندانەکانی جمهوری ئیسلامی و دوو ژنەو چوار ژنەو پینج ژنە بە پێی یاساکانی ئیسلام کەجمهوری ئیسلامی ئیران پەیرەوی دەکات و یەك زەرە لەدینی ئیسلام لای نەداوە راستی ماهیەتی ئەو رژیمە ئیسلامیە دەردەخات کەهەر ئیستا هیزە قەومی و ئیسلامیەکانی کوردو عەرەب لەعیراقدا دەیانەوی رژیمیکی ئیسلامی لەو چەشنە پیکبهینن، ئیتر خەباتی خەلکی کوردستان بۆ رزگار بون لەرژیمیکی هاری لەو چەشنە هەنگاویکە بۆ خەباتی یەکگرتوو سەرتاسەری لەئیراندا بۆ لەگۆرنانی رژیمی ئیسلامی لەئیرانداو ریگەگرتن لەهاتنە سەکاری لەچەشنە رژیمە لەعیراقدا.**

## پشتیوانی و هاوکات نارەزایەتی لەخەباتی خەلکی کوردستان بەدژی جمهوری ئیسلامی ئیران!

لەکاتیکدا خەلکی کوردستانی ئیران تەجروبەیەکی تاڵیان لەگەل رژیمی ئیسلامی لەئیراندا هەیە و خوازیاری سەرنگونی ئەو رژیمە هارەی ئیسلامن، هاوکات ئەم خواستە خواستی خەلکی ولاتانی دراوسێی ئیرانە، لەوانە کوردستانی عیراق، کەهەمان تەجروبەی تاڵی ئیسلامیان بینیوە لەزیاتر لەدەیەیەك، تەجروبەیەك کەئیسلامیەکان لەکوردستانی عیراقدا تەنیا بەکوشتنەوە نەوەستاون بەلگو لاشەی ئینسانەکانیان پارچە پارچە کردوەو سوکایەتیان بەجەستەیان کردوەو هاوکات ئینسانەکان و بەتاییەت ژنان و لاوانیان کردوەتە تەجروبە بۆ فیرکردنی ئیسلامیەکانی پەروەردەی دەستیان لە سەربرین و پارەچە پارچەکردنی لاشەکانیان، هەروەها ئیسلامیەکانی عیراق لەتەمەنی کورتی دوو سالەیاندا کورتیان نەهیناوە لەتیرۆرو بەزۆر سەپاندنی محاجەبەو تەقاندنەوەی سالۆنەکان و زەواجی متعەو زەواجی کچانی خوار 16 سالان... خەلکی کوردستانی عیراق تەجروبەیەکی تالیان لەگەل دەسەلاتی ئیسلام لەئیران و ئیسلامیەکان لەکوردستان و هاوکاری ئەحزابی ناسیونالیستی کوردی لەگەل ئەو هیزە ئیسلامیە کۆنەپەرستانەدا هەیە، بەم هۆیەوە بۆ لەگۆرنانی رژیمی ئیسلامی ئیران هاوپشتی خۆیان لەنارەزایەتیەکانی خەلکی ئیران و کوردستان دەردەبرن، بەلام هاوکات حزبەکانی کوردایەتی کەئەرکی دیفاع لەئیسلام و ئیسلامیەتیەتیان گرتۆتە ئەستۆی خۆیان بەعەکسی شەپۆلی نارەزایەتی خەلکی کوردستانی ئیران و هاوپشتی خەلکی کوردستانی عیراق کاردەکەن، بە کارەیان ئەحزابی کوردی بەدژی نارەزایەتیەکانی خەلکی کوردستانی ئیرانن و وەك پیشەی هەمیشەییان نۆکەرو ئەلقەلەگوێی جمهوری ئیسلامی ئیران دەجولێنەوە و پیشتریش پیشلەشکریان بۆ هیزەکانی جمهوری ئیسلامی کردوە بۆناو قولایی خاکی کوردستان و بۆ لیدان لەبارگای ئۆپۆزسیۆنی ئیرانی ئەگەر ئەوانە دوینێ بوبیت ئەوا ئەمرۆ لەکاتیکدا خەلکی کوردستانی عیراق دەیانەوێ هاوپشتی خۆیان لەگەل خەلکی کوردستانی ئیران بەیان بکەن و دەرژینە سەر شەقامەکان، ئیتر یەکیتی نیشمانی کوردستان بەتەقەکردن  لەخۆپیشاندەران و گرتنی هەوالنیرەکان هاوپشتی خۆی بۆ جمهوری ئیسلامی رادەگەیەنێ و بەدژی نارەزایەتیەکانی خەلك دەوەستیتەوە و دەیانەوی رژیمی جمهوری ئیسلامی ئیران لەمەرگ نەجات بدەن.

زەرورەتی پشتیوانی لەنارەزایەتیەکانی خەلکی کوردستان و سەرتاسەری ئیران بۆ هەلّپیێچانی دەسەلاتی ئیسلام لەئیراندا، زەربەیە لەدەسەلاتداریتی ئیسلام لەعیراقدا کە هیزەکانی جەعفەری و ئەحزابی کوردی دەیانەوی رژیمیکی لەوچەشنە لەعیراقدا پیکبهێنن، لەم روەوە هاتنە مەیدان بۆ پشتگیری لەو نارەزایەتیانەی خەلکی کوردستانی ئیران هەنگاویکی پیشکەوتنخوازانەیە بەدژی دەسەلاتی کۆنەپەرستانەی ئیسلامیە لەئیراندا، وە ریگرتنی ئەحزابی کوردی لەم هاوپشتیە خزمەت بەگۆنەپەرستی ئیسلامی دەکات لەئیران و عیراقدا.

2005-8-6